www.kurdistannet.org
27-3-2003 0:58

# بوومەلەرزە

**کورتەچیرۆک**

سەردارخۆشناو/ ٢٠٠٣/٣/١٨



ئەو بەیانییەی مامۆستا (جەلال) م بینی دوایین جاربوو وەک هەردەمەو بەیانییێک لەسەرگردی سۆرک دەهاتەخوارەوە کەبەسەر ماڵی ئێمەی دەروانی، هەردوو منداڵەکەشی جانتاکانیان لەپشت و بەدوایەوە دەڕۆیشتن، پێی وتن وەرنەوە تەنیشتمەوە خۆ من هێدی دەڕۆم، لەخوارگردەکەش کاک محەمەدیمام سمایلی، تراکتۆرەکەی لەگاز پاک دەکردەوە هەرچەندە دەبوایە لەگەڵ دەنگی مەلای سپێدان لەسەرکاربووایە پێدەچوو ئەو رۆژەگفتی بەکەس نەدابێ زەوییان بۆ بکێڵێ، ئیدی لەگەڵ کاک ئازاد عارەبانەکەیان لەتراکتۆرەکە قایم کرد، ناهەقیشی نەبوو وەکو هەر هەموو خەڵکی بەدەست چاوەڕوانیی شەڕەوە هەراسان بووببوو، سەلیقەی کاروکەسابەتیشی نەمابوو، کەچی مامۆستا جەلال تادوایین چرکەی زەنگی وانە وتنەوە، قوتابخانەو قوتابی و پۆلەکانی جێنەهێشت، دیاربوو ئەو رۆژە لەگەڵ رۆژانی پێشوو زووتر لەماڵ هاتبووە دەرەوەو قژی جوانتر داهێنابوو، پێڵاوەکەشی دەبریقایەوە، بەچاکەتوپانتۆڵە ئوتوکراوەکەی وای نیشانی خەڵکی دەدا شەڕ نابێ باراکەش ئارامە، با لاتان شاراوەنەبێ، مامۆستاجەلال کاتی خۆی سەربازبووەو لەیەکێ لەشەڕەکانی نێوان (عێراق ــ ئێران) بەدیل گیراوەو زیاتر لەهەشت نۆساڵ ژیانی دیلێتی بەسەربردووە لەوماوەیەدا تووشی شەکرەو زەغتیش ببوو، رووی سپی بێ خێزانەکەشی تاهاتەوە چاوی لەرێگەیبوو، من کاتێ ماشێنەکەم خستە کار دێهاتییەکانی گەرەکی خۆمان کەپاش وێرانکردنی دێکانیان لەترسی شەڕ هاتنە شار ئێستاش لەبەرشەڕ دەچنەوە دێ، ئەوێ دوورە دەستەو وەک پەناگەش لەشار باشترە، رۆیشتنی مامۆستا جەلال بۆ قوتابخانەو رۆیشتنی خەڵکیش بۆ دێ دوودیمەنی زۆر جیابوون لێتان نەشارمەوە زۆریش دڵیان گوشیم لەنێو بیرکردنەوەدا دوودیمەنی جوانیشم هاتنە بەرچاو، یەکەمیان: چەند ساڵێک دەبێ پیرە سەفینم بەوشێوەیە بەبەفر نەبینیوە، دووەمیان: بۆ یەکەم جارە لەشاری من گەرماوی ئاواگەورەو جوان بکرێتەوە، ئیدی هەناسەیەکم هەڵکێشاو بۆچوونە سەرکار ئەو شوێنەم بەجێهێشت، هەرهێندە وەک هەر ئێواریەک رووەو ماڵ بوومەوە لافیتەی کۆچی مامۆستا جەلال بەرچاویگرتم کتوپڕ گیانی لەدەستداوە، هەرچۆنێ بوولەتاریکییە بەروویەکی بزرکاو لەمنداڵێکیکۆڵانەی خۆمان پرسیاری مەرگی مامۆستام لێکرد، گوتی لەترسی بوومەلەرزە، نیوەڕۆ لەقوتابخانە دڵی وەستاو بێ ئەوەی شەڕ ببینێگیانی سپارد .

serdarxoshnaw73@yyahoo. com